# کلۆد سیمۆن و رۆمانی نوێ

## عەزیز ئەلتەمیمی

و/ رەهێڵ فەرحان

کاتێ لەبارەی زاراوەی رۆمانی نوێ پرسیاریان لە کلۆد سیمۆن کرد، بەگەرمییەوە تەبەنی ئەم زاراوەی نەکرد و پێیوابوو وشەیەکی پفدراوەو، مەبەست لە بەکارهێنانی گەورەکردنی ماناکەیەتی، و ئەوەی لەبواری رۆماننوسیدا بەرهەمی هێناوە وەرگێڕانێکی دێربەدێری جیهانبینییەکی جیای واقیع و تەداعیاتەکانی رووداوی رۆژانەیە و گرنگی بەتەرزێکی دیارکراوی رۆمان نەداوە، بەڵکو ئەوەی کردوویەتی ئارەزووێک بوو بۆ نووسینی دەقێ کە لە رووی تایبەتمەندی هونەرییەوە دەوڵەمەند بێ و جگە لەخۆی نەچێتە خانەی هیچ شتێکی دیکە. هەروەها پەرۆشی فەلسەفەی گوتاری رۆمان نەبووە کە رەنگە دەقەکە پڕ لێکدانەوەو تەئویل بکات، بێ ئەوەی بچێتە ناو کاری داماڵینی موفرەداتەکان، کە بونیادی شوێنی رووداوەکە پێکدێنێت، کە ئەویش بەدەوری خۆی پایەی جیهانبینی تازە بۆ دەق بەرهەم دێنێ. وە ئەوەی بەقووڵی بڕوانێتە رۆمانەکانی کلۆد سیمۆن ئەوەی لا دەردەکەوێ کە رووداو بەرفراوان دەبێ و لەنێو یەکەیەکی درامی سەرتاپاگیری تێک دەچرژێ، ئەگەرچی لەسەرەتادا وەک گەشەکردنێکی پچڕپچڕ لەناو بازنەیبەکی سەروی پێک نەلکاو دەردەکەوێ و تەنیا لەناو چوارچێوەی گشتی رووداوەکەدا نەبێ دەرناکەوێ. رستەی سەردیش تەنیا کۆمەڵێک پەناوپێچ لەشوێنی کاتدا

لەخۆدەگرێت بۆ بنیاتنانی ژینگەیەکی چالاک و کاریگەر لە ڕەوتی تەداعیاتەکانی ڕووداوی گشتیش کاردەکات. ئەم ژینگانەش لەڕێی (سیمە)کانەوە بەشانۆی سەرەکی ڕووداوەکە دەبەسرێنەوە کە قابیلی لێکدانەوەی زۆر و کەشفکردن و پەیوەندی مەنتیقی و سیمای بیروباوەڕەکان بەرجەستە دەکەن، بەمەرجی ئەگەر ویسترا کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی جەدەلییەتێکی دیارکراو بکەن.

کلۆد سیمۆن بۆ دانانی شوێنی دەقی ڕۆمان لە دروستکردنی بەشێوەیەک لە وەسفکردنی ڕووداوێکی دیاریکراو دەستپێدەکات. واتا وا لە ڕووداوەکە دەکات ببێتە هۆیەک بۆ کۆمەڵێک تەداعیاتی یەک بەدوای یەک کە لە ڕووی زمانەوە بۆ بەرهەمهێنانی نەسقێکی بەردەوام تێکەڵ دەبن و درێژ دەبنەوە تا ڕووبەری دەقی ڕۆمانەکە هەمووی دەگرێتەوەو خوێنەر وایلێدێ گومان لە ماهییەتی ڕاستەقینەی ڕووداوەکە بکات یا بەپێی جیهانبینییەکی تەقلیدی بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم جۆرە دەقانە دەستنیشانی بکات، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە خوێنەر کورت بینە یا بێتوانایە، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە زۆربەی کاتەکاندا خوێنەر دنیابینیی دەقەکە دەکات، بەڵام پەرتبوونی ژینگەکان و شوێنەکان و تێکچڕژانی گفتوگۆیەکان لەناو چەند نەسقێکی زەمانی ئاسۆیی و ستونی وادەکات چرکەساتێکی زەحمەت بەسەر خوێندنەوەو کەشفکردن دا بڕوات و ببێتە چرکەساتێکی زەحمەت لە خوێندنەوەی یەکەمجاردا. هەر ئەوەشە نووسینەکانی کلۆد سیمۆنی پێدەناسرێتەوە، بەتاییەتی ئەو ڕووبەرەی جۆرێک لە ئاهەنگسازی دووبارەکراوە دەبەخشێتە هەموو بڕگەو بەشێک لە بەشەکانی ڕۆمانەکەدا. لە هەوڵدان بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان نووسینەکانی کلۆد سیمۆن و ڕۆمانی نوێدا بۆمان دەردەکەوێ کە هیچ کاتێ ئەو ئامادەکاری بۆ شێوازێکی دیارکراو نەکردووە تا بەهۆیەوە وەسفی ڕۆمانی تازەی پێبکات، بەبەراورد لەگەڵ نووسەرە هاوچەرخەکانی ئەزموونەکەی کە کۆمەڵێک دروشمیان هەڵگرتبوو و لەشێوەی ئاگاداری و بەیاننامەی ئەدەبی دەرکەوتوون و تەنزیر و بانگەشە دەکەن بۆ دامەزراندنی یا لەدایکبوونی ئەوەی ئەوسا ناوەنرا ڕۆمانی نوێ، بەڵام حەقیقەتی ئەم بەیاننامە تەبشیرییانە لەڕاستیدا پەیڕەوی کۆمەڵێک دنیابینی بوون و داوای وەلانانی نموونەی ڕۆمانی تەقلیدی باویان دەکرد کە لە سەدی تەقلیدی یا واقیعی ڕاستەوخۆ لە تۆمارکردنی ڕووداودا قووڵ دەنوونەوە، ئەو سەردەی پتر بەلای فەلسەفەدا دەچوو لەسەر حیسابی جەستەی هونەری ڕۆمانەکە. هەروەها هەڵگری کۆمەڵێک



کلۆد سیمۆن

بیروباوەڕو دنیابینی بوون کە ڕۆشنبیری کۆمەڵێک یا چین، ئەوانەی بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بوون بەرهەمیان دێنا، بۆیە ئەو شێوەیەی کلۆد سیمۆن دەیخستە ڕوو لەسەر پایەی بیروبۆچوونی ڕابردووی تاقیکردنەوەیەکی ئەدەبی هاوچەرخ نەوەستابوو، بەڵکو بەرهەمی جیهانبینییەکی خودی بوو کە جورئەت و تەجاوزکردنی زۆری تەقلیدی و باوی تێدابوو و لەڕێی هەوڵدانێکی جددی بۆ بەرهەمهێنانی شێوەیەکی هونەری کە دەوڵەمەندو هەڵبژاردنی زۆری تێدابێ، کەوایلێدەکات بەجیهانبینی خۆیەوە بناسرێتەوە.

بەخوێندنەوەیەکی شیکارانی ئاراستەی ڕووداو لەدەقی کلۆد سیمۆندا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو هێلانەی بە (سیمەی) سەرەکی گرێدراون درێژ دەبنەوە تا دەگەنە (سیمە) سەرەکییە یەک لەدوای یەک هاتووەکان. ئەوەی جێی

سەرنجە ئەوەیە کە هەڵبژاردنە زمانییەکان و نواندنە وەسفییەکان بەهەمان گرنگیدان بە(سیمە) سەرەکییەکان وەرگیراون، ئەم گرنیگیدانەش کۆمەڵێک ورووژان بەرهەم دێنن و بەروونی پەیوەندی جەدەلی نێوان چەقی سەرەکی رووداو و ژینگەی شوێنکاتەکان دەردەخەن، چونکە ناکرێ رووداوێ گەشە بکات و تێکەڵ بێ بەبێ ژینگە هەرچەندە جەدەلییەت لەنێوان رووداو درێژبوونەوەی بەرجەستە ببێ و هونەرییانە داڕێژرابێ، دنیابینی پێشکەشکراو مەکوم دبێ و پشت بە دەوڵەمەندی بیروباوەڕ و راستگۆیی دەبەستێ و کاریگەری زۆرتری بەسەر یادەوەری خوێندنەوە دەبێ کە هاجسی راستەوخۆی دنیابینی دەقەکە دەنوێنێ. بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین لەچرکەساتی نووسیندا بەهۆی وێناکردنی قەسدییەت لەتۆمارکردنی رووداو لە پەیوەندی نووسەرو دەقەکە بگەین، واتا ئایا نووسەر لە کاتی تۆمارکردنی دیمەنێکی دیارکراو بیر لە هەمان تەرکیزکردن دەکاتەوە، کاتێ دیمەنە پەیوەندارەکان تۆماردەکات؟ وە ئایا نووسەر مەبەستیەتی لە وەرگرتنی کۆمەڵێک رووداو کە پێکەوە بەستراون رەنگدانەوەی بۆچوونێکی روونتر لەبارەی حاڵەتی تەداعی بخاتەڕوو کە لەکاتی نووسیندا بەمێشکیدا تێپەڕێ؟ ئەم پرسیارانە وامان لێدەکات بەئاگاداری و هەندێ جار بەترسەوە لە دەقی کلۆدسیمۆن بڕوانین، ترس لە چرکەساتی لێکترازان و دەریچە سەرکێشەکانی زمان کە نووسەر دەیخاتە ناو چرکەساتە بەراییەکانی بۆ نووسینی هاجسەکە لە کۆمەڵێک شوێنی رووداو زەمەنەکان دروست بکات هێندەشی پێناچێ بەهۆی استحالەو تەداعیە چاودێرکراوەکان لە لایەن نووسەرەوە لەبیر دەکرێن، کە هەوڵدەدات لەڕێی لێکدانی دیمەنەکانی دیاینبڕێژێ وە ترسی لە چرکەساتی تەماهیکردن بخولقێنێ و دوور لەو بوارانەی لە دەرەوەی دەقەکەن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا شوێن دەستێکی جیاواز بۆ کلۆد سیمۆن لە بنیاتنانی تێگەیشتنێکی نوێی خوێندنەوە تۆماردەکات. بۆیە بەقەدەر ئەوەی ئالیەتێکی پتەو لە وەرگرتنی رووداو و تۆمارکردن دەخاتەڕوو، بەقەدەر ئەوەش ئاماژە بە دنیابینییەکی نوێ لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی ئەدەبی دەکات، هەر ئەوەشە دەقی نوێخوازی پێ دەناسرێتەوە دەقەکە دەبێتە پردێک بۆ پاڵپشتی حاڵەتی وەعی، بۆیە پەیوەندی کلۆد سیمۆن و رۆمانی نوێ لە خستنەرووی کۆمەڵێک چەمک خۆ دەنوێنێ کە دەق بەرهەمی هێناوە نەک بەپێچەوانەوە، واتا دنیابینی نوێخوازانەی کلۆد سیمۆن لەوەدا دەردەکەوێ کە لەکاتی کارکردنی بۆ بەرهەمهێنانی ئەدەبی و لەکاتی دیارکراودا بیری لێدەکاتەوە و بەشێوەیەکی هاوسەنگ کاریگەرییەکانی ژینگەو پاڵنەرە دەروونییەکان دەریان دەخات کە یارمەتی تۆمارکردنی رووداو دەدەن. ئەمەش نیشانەیەکی دیارە لە ئەدەبی کلۆد سیمۆندا کە کۆمەڵێک رۆمانی وای بەرهەمهێناوە کە هەموویان حاڵەتی گونجان لەنێوان تۆمارکردنی جیهانبینی قووڵ لەڕێی داڕشتنی وێنەیەکی خەیاڵی تەواو جیاواز لەگەڵ ئەوەی ئەدەبی کلاسیکی دەیخاتەڕو و دروستدەکات کە رووبەرێکی گەورەی لە یادەوەری ئەدەبی داگیرکردووە .

وەبۆمان هەیە قسەکەمان کورت بکەینەوەو بڵێین کلۆد سیمۆن تا رادەی ناسکی زیرەکی نواند لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ رووداوەکاندا لەماوەی دەرکەوتنی نازیەت و دۆڕانی هێزەکانی کەنیسە بە هەموو چینەکانییەوە دەبوایە خوێندنەوەیەکی نوێ بکرێ بۆ واقیعێک کە تەوژمە فیکرییەکان تێیدا لە ململانێدابوون و بەدنیابینییەکی پڕ نارەزایی دژێ ئەو واقیعە لێکدابڕاوە بەهەموو دژایەتییەکانەوە بجەنگێ.

سەرچاوە
التاخی: ژمارە ٤٥٤٢ پێنجشەممە ٤ی ئاب ٢١٠٠٥